سوپای تورکیا بە چەکی قورس گوندەکی ڕۆژئاوای کوردستانی کرد بە ئامانج

شەوی هەینی هابردوو، سوپای تورکیا بە چەکی قورس گوندی مازنی سەر بە ناوچەی شەراوا لە سنووری شاری عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان کرد بە ئامانج.

بەپێی زانیارییەکان، لە ئەنجامی ئەم هێرشانە کە بە چەکی جۆری "دەشکە" ئەنجامدران گەنجێکی گوندەکە بە سەختی بریندار بوو.

بەپێی پێیامنێری ماڵپەڕی عەفرین نیوز، هەرزەکارێک بە ناوی "محەممەد خەلیل" تەمەن 14 ساڵ، دانیشتووی گوندی مازنە لە ناوچەی شەراوا بریندار بوو دوای ئەوەی گوندەکە بە چەکی دەشکە کرایە ئامانج و لە ئێستادا بریندارەکە گواستراوەتە بە نەخۆشخانەیەک لە شارچکەی ئەلبەهرە بە وەرگرتنی چارەسەری پێویست.

شەوی هابردوو، هێزەکانی سوریای دیموکرات "هەسەد" گیان لەدەستدانی چوار شەڕڤانی هاگەیاند لە سنوری شارچکەی عامودا بەهۆی بەردومانی فۆکەی بە فۆکەوانی تورکی.

لە بەردەوامی هێرشەکانی سوپای تورکیا بە ڕۆژئاوای کوردستان و هەرەمی کوردستان، دوێنە هەینی،

فڕۆکەیەکی بە فڕۆکەوانی تورکیا ئەتەمبەلکی مەدەنی کردە ئامانج لە گوندی ڕەنگینە لە شارباژێڕ لە سنووری پارێزگای سلێمانی، لە ئەنجامدا چوار کەس گیانیان لەدەستدا و کەسێکی تر بریندار بوو، هەروەها گومان دەکرێت کە قوربانییەکان ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستان "پەکەکە"ن.